Bundesamt für
Fremdenwesen
und Asyl

**زانیاری سەبارەت بە ڕێسای (EC) No. 604/2013ی پەرلەمانی ئەورووپا و ئەنجومەنی 26ی جوونی 2013 سەبارەت بە دانانی پێوەر و میکانیزمەکانی دیاریکردنی ئەو وڵاتەی ئەندام کە بەپرسیارە لە وەرگرتن و لێکدانەوەی داوایەکی پاراستنی نێودەوڵەتی کە کەسێکی خەڵکی وڵاتێکی سێیەم یان کەسێکی بێوڵات لە یەکێک لە وڵاتانی ئەندام پێشکەشکی کردووە (Dublin III)**

تۆ لە وڵاتی ئاوستریا داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت کردووە. بەڵام ئەمە هەمیشە ئەوە ناگەیەنێت کە کاروباری پەنابەریی تۆ لە ئاوستریا لێک دەدرێتەوە. بەپێی هەندێ پێشمەرجی یاسایی، ڕەنگە یەکێک لە وڵاتانی خوارەوە بەپێی پەیماننامەی Dublin III بەرپرسیار بێت کە داوای پەنابەریی تۆ لێک بداتەوە: بەلژیکا، بولگاریا، ئەڵمانیا، دانیمارک، فینلاند، فەرەنسا، یۆنان، ئیرلەند، ئایسلاند، ئیتالیا، کرواتیا، لیختنشتاین، لوکسەمبورگ، هۆڵەندا، نەرویژ، پۆرتوگال، ڕۆمانیا، سوید، ئیسپانیا، شانشینی یەکگرتوو، ئیستۆنیا، لاتڤیا، لیتوانیا، ماڵتا، پۆڵەندا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، سویس، کۆماری چێک، هەنگاریا و قوبرس.

ئەگەر یەکێک لەم وڵاتانە بەرپرسیار بێت لە لێکدانەوەی داوای پەنابەریی تۆ و بەرپرسیارەتیەکەی بگرێتە ئەستۆ، نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران بڕیارێک دەکات کە وڵاتی ئاوستریا بەرپرسیار نیە لە جێبەجێکردنی کاروباری پەنابەریی تۆ. دوای ئەوە تۆ دەگوازنەوە بۆ ئەو وڵاتە.
بەرپرسیاربوونی وڵاتێکی تر بۆ جێبەجێکردنی کاروباری پەنابەریی تۆ بەتایبەت لەم کەیسانەی خوارەوە دا دێتە ئاراوە:

- ئەندامێکی خێزانەکەت (هاوسەرت، پارتنەرت، منداڵەکانت (منداڵانی بچووک کە هاوسەرگیریان نەکردووە)؛ یان لە حاڵەتێک دا تۆ منداڵ بیت – باوکت، دایکت یان کەسێکی گەورەی تر کە بەپێی یاسا یان عورفی وڵاتی ئەندام نوێنەری یاسایی تۆ یە) ئێستا لە یەکێک لە وڵاتانی ناوبراو مافی پاراستنی نێودەوڵەتی پێ درابێت یان لەوێ داوای پاراستنی نێودەوڵەتی کردبێت و هێشتا بڕیاری یەکەم لەبارەی ئەم داوای ئەم پەنابەریە نەدرابێت.
- تۆ بەڵگەیەکی نیشتەجێبوونت هەبێت کە لەلایەن یەکێک لە وڵاتانی ناوبراو دەرکرابێت وە/یا لە کاتی گەیشتن بەم وڵاتە ڤیزایەکت پێ بێت کە لەلایەن نوێنەرایەتیی دیپلۆماتیکی یەکێک لە وڵاتانی ناوبراو دەرکرابێت.
- بۆ هاتنەنێو ئەورووپا لە یەکێک لە وڵاتانی ناوبراوەوە تێپەڕ بووبێی یان بۆ ماوەی زۆرتر لە پێنج مانگ دوای گەیشتنت لەوێ مابیتەوە.
- بەرلە هاتنە نێو وڵاتی ئاوستریا لە یەکێک لە وڵاتانی ناوبراو داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت پێشکەش کردبێت (زۆربەی کات لەڕێگەی EURODAC ـەوە دەکرێت ئەمە یەکلایی بکرێتەوە).

ئەگەر شتێک هەبێت کە نیشان بدات یەکێک لە وڵاتانی ناوبراو بەپرسیارە لە لێکدانەوەی کەیسی پەنابەریی تۆ، نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران دەتوانێت لە ماوەی سێ مانگ دوای تۆماکرانی داوای پاراستنی نێودەوڵەتیی تۆ، داخوازنامەیەکی وەرگرتن بدات بە ئەو وڵاتە. وڵاتی بەرانبەر دەبێ لە ماوەی دوو مانگ دا وەڵامی ئەم داخوازنامەی وەرگرتنە بداتەوە. ئەگەر لەم ماوەیە دا هیچ وەڵامێک نەدرێتەوە، ئاساییانە وایدادەنێن کە داخوازنامەی وەرگرتن قەبووڵ کراوە. ئەگەر تۆ پێشتر لە یەکێک لە وڵاتانی ناوبراو دا داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت پێشکەش کردبێت، دەکرێتە پرۆسەی کورتکراو بۆ لێکدانەوەی کەیسەکەت بە کار بهێنرێت.

ئەگەر داخوازنامەی وەرگرتن بەتەواوی ڕەت کرابێتەوە، داوای پەنابەریی تۆ لە ئاوستریا لێک دەدرێتەوە. ئەگەر داخوازنامەی وەرگرتن قەبووڵ بکرێت، بڕیارێک بە دەستی تۆ دەگات لەگەڵ هەندێ ڕێنمایی سەبارەت بەوەی کە چۆن داوای پێداچوونەوە بکەیت و دوای تەئیدکردن تۆ دەگوازنەوە بۆ وڵاتی بەرپرسیار. پاشان ئەو وڵاتەی ئەندام کارە ئەسڵیەکانی داوای پەنابەریی تۆ جێبەجێ دەکات.

دوای ئەوەی کە وڵاتەکەی تر ئەو داخوازنامەی وەرگرتنی پەنابەری قەبووڵ کرد کە نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران پێشکەشی کردووە، ئاساییانە دەبێ لە ماوەی شەش مانگ دا پەنابەرەکە بگوازرێتەوە بۆ ئەو وڵاتە، دەنا بەرپرسیارەتیی لێکدانەوەی داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دووبارە دەکەوێتە ئەستۆی وڵاتی ئاوستریا. لە هەندێ حاڵەت دا ڕەنگە ئەم ماوەیە درێژ بکرێتەوە، بۆ نموونە، ئەگەر تۆ هەوڵ بدەیت لە گواستنەوە هەڵ بێیت. ئەگەر تۆ پێداویستیەکی پزیشکیی تایبەتت هەبێت، وڵاتی ئاوستریا، دوای وەرگرتنی نامەی ڕەزامەندی لە تۆ، زانیاریەکانی ئەو پێداویستیە دەدات بە وڵاتی پەیوەندیدار.